# کتێب فرۆشی

*توانا ئەمین*

هێواش ..هێواش بە پلیكانەكاندا سەركەوتم ,قاچەكانم خێرا خێرا دادەناو سست سست بەرزم دەكردەوە, تەپ ..تەپ ..تەپ تەپ تەپ..ت ە پ ..ت ە..ت.. دەنگی پێم ڕیتمێكی نامۆ نەبوو بەمن خاوەستمپێدەكردو خێرا دەبووم و خاو دەبومەوە و كۆڵم ئەدا تا كۆڵم نەئەیا سەرلەنێویٚ دەستم پێدەكردەوە ,درەنگانی شەوێك كە ئەم راستییەی ژیانی خۆم بۆ ئەو كچەی مشتەرییەكان پێیان دەووت (توێخی دڵدەبات ) باسكرد ,خۆیگرمۆڵەكردە ژێر بەتانییەكەو چاوە ڕەشەكانی كە هێشتا لێلبوو بڕیە ناو خاڵی بەیەك گەیشتنی هەردوو بڕۆ تۆخەكەم و بەدەنگێك كەمن گومانم هەیە ئەگەرلێوێشی نەجوڵاندایە ئەو دەنگە لەژێكانی قوڕگییەوە بەئاسانی دەگەیشتە من ووتی"كە سەیریت...! ئەگەر ژیانی تۆ پێناسەبكەم سێكسێكی تەواویت" ڕاستی كرد ,منیش جارێكیتر ژیانی خۆم بۆ هیچ كەسێك نەگێڕایەوە ئاخر بۆ هەركەسێكم بگێڕابایەوە لەو باشتری نەدەپێكا من جاران وامدەگوت ,كەچی ئێستا دەمەوێت جارێكیتر ژیانی خۆم بنوسمەوە ,خەڵك ئەگەر وەكو ئەویش بۆی نەچن خۆ هەر ڕا یەكیان دەبێت.

من بۆ لەسەر كەشتی خەیاڵی سۆزانیەك لەم لێڵاوە دانابەزم نازانم! بەڵام دڵنیام خۆم چیرۆكی خۆم لەهەر كەسێكیترباشتر دەگێڕمەوە هەموو ئەوانەی ویستویانە ڕۆژێك لەڕۆژان ژیانی من بنوسنەوە سەرەداوی ڕاستیەكەیان لێونبووەو من بومەتە قوربانی فەزای دەقوتێكەڵبوم بەفەنتازیایەكو گۆڕاوم بەكەسێك هەمووكەسێكبم خۆم نەبێت ,كەخۆم ئەوانە دەخوێنمەوە دەڵێم ئەمانە چیرۆكی من نین ڕەنگە چیرۆكی ژیانی كەسێكی دی بن.

كێلونی درگاكە بۆخوارەوە پاڵدەنێم و كلیلەكە لەناویا هەڵئەسوڕێنم بەڕاست بەچەپ بەڕا.....هەمیشە من كلیل لەناو كێلونی درگادا زۆر دەهێلمەوە ,ئەمشەویش ڕەنگە درگاكە نەیەوێت بەئاسانی وەك شەوانیتر خۆیبات بەدەستەوە. .درگاكە دەكەمەوەوگڵۆپەكە هەڵناكەم تاریكی ژورەكەم لەتاریكی هیچ جێیەك ناچێ بواری هەناسەی تیانیە ..قەتیسم دەكات دەمخنكێنێ ..دەستدەبەم شوشە بچوكی شروبی سەرمێزەكەم ئەدۆزمەوەو هەڵیئەقوڕێنم ,تیژتیژ هەناوم ئەبڕێت وئەگاتەگەدەم بەرگەی ئەم تاریكیە ناگرم ,وەكو جارانیم تاریكایی زڕنوقم دەبا .

گڵۆپەكەم هەڵكردووەو دەمەوێت خۆم بنوسمەوە,لەقاڵە قاڵی دەنگەكانی ناوخۆم بەئاگا دێمەوە دەنگێك پێمدەڵێ بەئەمانەتەوە شتەكان بگێڕەوە و لە سەرەتاوە دەستپێبكە ,دەنگێكیتر بێنی لێهەڵئەبڕێت و ئەڵێ ئاخر گێلە پیاو خەڵك چ ئیشیان بەسەرەتای تۆ هەیە ؟...من قەدەرێك مات و ڕاماوم باشە سەرەتای من كامەیە ؟مێشكم ئەگوشم یادەوەریم لەوبەیانیە كۆنتری تیانیە كە ڕەشەبایەكی كورت بەقەمیسێكی ڕەش و تەنورەیەكی كورتی پڵنگییەوە هێنابووی و دانەویەوەو

وتی "کتێبێکم دەوێت باسی زۆر کۆنبکات..زۆرزۆر ..باسی زەمانی بەرد بکات" من خەریکبو دەمودەست بڵێم هەموو ئەوکتێبانەی مێژووی چاپکردنیان لەپێش لەدایکبونی تۆوەیە بۆ ئەو مەبەستەی بەڕێزت دەشێن ئاخر جەنابتان بەتەشریف هێنانتان زەمانێکتان گۆڕی,بەڵام نەم ووت ..من دەتوانم ئەم یەکەم بەیانیبینینە بکەمە یەکەم ڕۆژی خۆمی مانگی خۆمی ساڵی خۆم .

دەتەوێت وادەستپێبکەیت دودڵیت خەتێك بەسەر ئەو دێرنەدا دەهێنیت خەتەدرێژەکان لەو خەتانە دەچن کەدەتهێنا بەژێرنوسینە گرنگ و جوانەکانی ناوکتێبەکاندا ,دواتر هەر ئەو خەتانەم دەهێنا بەسەر دەخەتی وردوردی لەتەنیشت یەك کە ژمارەی سێکسەکانی کچێکی لە خانە تایبەتەکەی خۆیدا تەواو دەکرد.

هەمویان خانەی خۆیان هەبوو ,من دەمگوت دەبیٚ بەو تایبەتمەندیانەی خۆتانەوە بژین کەچی هەمیشە (شەوێن خۆشی ) پەنجەکانمی ئەلێسلیەوەو دەیگوت "توخوا ناوی من بخەرە ناو خانەکەی شەیما قەپاتەوە" من دەمگوت نابیٚ تۆ کەدەتەویٚ ناوت هەبیٚ ,دروستببی ,کوران کەچونە حەمام تۆیان بیربکەوێتەوە ,تۆئەگەر ئەتەویٚ مشتەریەکانی خۆت زیادبکەی دەبێت لەخانە تایبەتەکەی خۆتەوە دەستپێبکەی .

جارجار توشی وەهمێکی سەیر دەبوو خۆیی لێئەگورا چەندین جار بە وردە ماچیٚ یان مەمك گوشینیٚ خەتێکی وردی بۆ( شەیما قەپات )دائەنا وای دەزانی ئەوە یەکەمینجارە ئەو کچە ببینێت,یان یەکەمینجارە بەو کچە بگات کە ساڵانێکە خەیاڵی ئەمی داگیرکردووە ..رائەمام خەیالٚ ئەیبردمەوە,چاوەکانی ئەیانبردم خۆمم ئەدی توند باوەشم کردووە بەکەمەری سمۆرەیەکا ئەویش خۆی شلکردووەو بە مەکرەوە جارجار خۆی ڕائەپسکێنیٚ ڕوتو قوت هەردوکمانین من شەڵاڵم لەعارەق, توکەکانی کلکی ئەو هەربەپێوە سیسەمێکی نوستنن سلٚ لە دەمولوتی ناکەمەوە ڕیزێك ددانی ورد لێوێکی تەنك شاردونیەتەوە دەستدەخەمە ناو پەنجە وردەکانییەوە چنگو نینۆکی نییە ,دەستم ئازاری دەگا توندتر دەستم ئەگوشیٚ زیاتر ئارەقم کردۆتەوە.. من نازانم ئەوەی لەباوەشمایە (ئەو)ە یان شەیما قەپات ئێستەش نازانم من(ئەو)م لەوێبەجێهێشتوەو بەدوای شەیمایا هاتوم یان شەیما لەوێیەو من بەدوای (ئەو)دا لێرەم ..؟ نازانم هەندیٚ لەوانەی پێش من ئەم چیرۆکەیان نوسیوەتەوە دەڵێن (ئەو)و شەیما هەریەکێکن..وەلیٚ من واناڵێم ..ئاخر چیبڵێم من خۆم ئەکتەری ئەم فیلمەم و دۆستەکەمم ونکردووە ..کوا بینەرێکی رۆمانسی پەنجەی ناسکی بنێتە سەر یەکێکیان و بڵیت هۆو پیاوی وون ئەمەیان مەعشوقە راستەقینەکەتە..! هەستدەکەم دەمارەکانی لێدەدەن ..گەرما تەقاندمی وەختە لەهۆش خۆم بچم قریوە پڕ لەشەهوەتەکەی ڕام ئەچڵەکێنیٚ بە دێڕێك کەپڕە لە (ه)ی تینو دەیوت "دەیە کواە خەە تەکەتە "شەیما حسابی ڕۆژی وەردەگرتو تۆ خەتێکت دەهێنا بەسەر نۆخەتی نۆ پیاویترو ماچێکی خۆتا .

من ئەم خەتخەتێنە ئەمکوژیٚ هەورازونشێویەکانی دێڕێك شتێکم پێدەڵی ئەگەر هیچیش بێت ,بەڵام بیابانی خەتێکی ڕێك جگە لە مەرگ ومەرگ هیچیتر لەم نیوەشەوەیا نادرکێنیٚ ,ئەم شەوە

درەنگە ساڵیادی تەلەفونێکی ئەوە کە بەچپە چەند پیتێکی پچڕپچڕی بۆ ناردم من درەنگێك تێگەیشتم کە ئەو وتویەتی "من وتۆ پێکەوە پەڕەیەکی نویٚ هەڵئەدەینەوە " من سەفەری تولانیم کرد.. چەندین ووڵاتم دی.. چەندین ئەرزی خوا گەڕام.. کەشتی گەورە گەورە .. فڕۆکی نویٚ ..شەمەنەفەر..درێژترین ڕەفەکانی کتێبخانە.. کورتترین مەوداکانی پەیوەندیو ئیمەیڵ ..ئەو (پەڕە نوێیە ) ش هەبوایە تۆ لەکوێبوی تا پێکەوە هەڵیبەینەوە؟!.

هاوڕێیەکم کە لە شکستی عەشقەوە دەستیدابووە بازرگانی شوشەو سەرکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیبوو ,ئەو کە ماڵەکەی یەکپارچە فەخفوریو چینیو کەمۆڵەو مێزو تەنانەت کورسی شوشە بوو ,لەسەر یەکێك لەو قاپانەی وێنەی خیامی تیایە بەجامیٚ شەرابەوە بەدەستو خەتێکی باریك نوسیبوی "ژیان پەرداخێکی شوشەیە بەدەست منداڵێکی چەتوونەوە " ئەو عەسرێکی درەنگ بەو پەری لەخۆبایبونەوە بە دەم بستەخواردنەوە پێیوتم "برادەر عەشق وەکو باری شوشە وایە کەدەستێکی کرد ئیتر خێرەکەی کورت دەهێنیٚ باری باش ئەوەیە خۆت لەخاوەنەکەی بکریت" من توێکڵی بستەیەك بەو هەموو رەقێتییەی خۆیەوە پوکمی هەڵدریبوو ئەویش دەیوست بەلوغزەوە پێمبڵی عەشقی ژنێکی مێرددار نا تەندروستییەکەی لەوەدایە لەفەشەلیەوە تۆی خۆشدەوێت ..!

کەچی هەر ئەو عەسرە خوشکی ئەو بازرگانە وتی "جەنابی میوان کاکم ڕاستناکات هیچ شتێك لەعەشقی ژنێکی مێرددار گەورەو پیرۆز تر نییە ,تۆ بروانە ژنێك بەسەر مرۆڤێکیترا باز دەدات تۆی خۆشدەوێت "من گێژبوم بەرچاوم رەشبو بستەوە کچەکە تێکەڵبون ..خوشکو براکەم بەسەر یەکترەوە ئەبینی . رشامەوەو رەشاوم هەڵئەهێنا رەشاو بەرپێمی تەرکرد جۆگەلەی بەست بۆخوارەوە من هێڵنجم ئەداو رشانەوە دوای نەئەهات ..رەشاو قولەپێمی تەرکرد من چاوم دەرتۆقیبو ئەکۆکیمو پربەدەمم رەشاو ئەهات ..رشانەوەیەك نەبوو بیر لەتەوابون بکاتەوە ,قوڵپی رشانەوەی رەشەکە ئەو خوشکو برایەیی بەروتی بەیەکەوە رەشتر کرد .

هەموو یەکشەمانی هەفتەیەك لە وسەری بازارەکەوە دەردەکەوت ,لوتێکی قنجی بچوك لێوێکی تەنکو چەناگەیەکی شێوە قۆقزی هەبوو ,هەمیشە سڵی لەسێبەرەکەی خۆیدەکردەوە گومانی لەهەمەوشتێکدەکرد,گومان ئەوی دەبردەوە سەربنەچەی گیانەوەرێکی وردیلە کەپێیدەڵێن سمورە .. دەمزانی بۆ کتێبە مێژوییەکان هاتووە بۆئەوانەی زەمانی ئەشکانی ,هیلینیستی, سەردەمی وەرکا,ئاشوری, دەگەرا. دەتگوت ئەم کچە زۆر زوو شتێکی وونکردوەو ئێستە دەیەوێت لەرێگەی ئەو کتێبانەوە ئەدرەسێکی ئەو شتەی دەستکەوێت ,هاوتەمەنەکانی ئەو کتێنی هونەری چێشتلێنان ,بوردەی جاوبەرگ ,گۆرانی هونەرمەندە گەنجەکان زیاتر هیچی دییان نەدەکری .

ئەم کتێبەکانی هەڵدەگرت و ماوەیەکی زۆر دەستی بەسەر بەرگەکانیانا دەخشاند نزیکی دەکردنەوە لە دەمو لێوە تەنکەکەی من سەرم دادەخست دەمگوت با شەرم لەمن نەکات و تێر ماچیانکات ,کەچی ئەو شەوێکی درەنگی پایز پێیوتم من بەبۆنی ئەو کتێبانە سوکنای بەرۆحما

**دێت ,ئەگەر بۆنی ئەو کتێبە کۆن و زەردانە هەڵمژی دەسبەجێ دەچیتەوە ئەو سەردەمانە خۆتدەبینی جوتێك سۆڵەت لەپێیایەو قەیتانە درێژەکانی تا نزیك ئەژنۆت لەسەر گۆشتەکەت توند کردووە ,پارچەیەك پێستەت لەبەر دایەو دەستبەتاڵ بەناو ئەو حەشاماتە قژئاڵۆسکاو مەنگەیا دێیتو دەچیت .**

**ئەو منیشی فێری ئەو بۆنە کردبوو بەیانیان کەکتێبەکانم ڕێکدەخست دەبوایە تێر تێر بۆنی کاغەزە زەردەکان هەڵمژم ..ئێوارەیەك هەموو کچەکانم کۆکردەوە کۆرسێکم دادان,ویستم قەناعەتیان پێبکەم کەلوت بەدبەخترین پارچەی جەستەیە چونکە ماوەی فریودانی لەهەر ئەندامێکی تر کەمترە ,لوتی پیاوێکی هەستیار دەتوانێ زۆر زوو هەست بە باکگراوندی بۆنی پێشوبکات من لەوقسانەدا وتم "ژن بۆن بەکاردەهێنێت تا هەست بە بۆگەنییەکەی ناخی نەکەین " من زۆرم قسە دەکرد ,هەمیشە وابوم تەواو پێچەوانەی ئەو دەبوو لەهەموو بابەتێکا درێژدا دڕی تەواوم بکردایە, ئەوان کەگوێیان لێگرتوم لەبەر ئەوە نا زۆریان خۆشەدەویم و حەزبەقسەکانم دەکەن نا ..ئەوان باشدەیانزانی هەرکەسێکیان نەیەوێت گوێم لێبگرێ ئەوە دەبوو بەیانی ئەوئیشەی لایکەسێکی تر بدۆزیبایەوە .**

**ئەوکچە بەدبەختانە نەدەکرا بۆن بەکار نەهێنن ئاخر مشتەرییەکانمان لەدەستدەچوو ,مشتەری چەور هەمیشە گێلە .لەدەرەوە دەگوباسی کچەکانی لای من لەشاردا تەقیبووە ,ئەوان گرانترین بۆنی بیانیان لەولاتە عەرەبییەکانی باشورەوە پێدەگەیشت ..هاوبەشیمان لەگەڵ بەناوبانگترین کۆمپانیای بۆنی تورکی هەبوو .. ئەوان دەیانزانی بۆنی نەرم ,بۆنی تیژ,بۆنی پڕ, بۆنی قورس ,بۆنی تورت و جۆرەها بۆنی سێکسیترمان بۆرەوانە بکەن .**

**هەڵبەتە منی کتێبفرۆش دەمزانی ڕەنگی بەرگی کتێبەکان چ کاریگەرییەکی جۆراوجۆریان لەسەر خوێنەرەکان هەیەو کامیان پرفرۆشترینیانە ,بەڵم ئەم تێگەیشتنەم چرتربوەو دوای ساڵانێکی دورو پاش سەفەری بەدی ئەو ,لەراستیشدا ئیشەکەم وای دەخواست ئەو پسپۆرایەتییە بەدەستبێنم .**

**من هەمیشە قسەم هەبوە ,هەرشەوێك یەکێك لەوکچانەم لای خۆم گلدابێتەوە شەری ئەوەم پێفرۆشتوە ئەو ستیانە سورەی بگۆرێ کەئەمرۆ پیاوە گەلۆرەکانی ئەم شارەی پێفریوداوە ,من بەغرورێکی شاعیرانەوە دەمگوت "کچێ سور سەقەتترینو سەخیفترین ڕەنگی دونیایە ,سور هەموشتێك دەڵێت ,سور جێیەك ناهێڵێتەوە بۆ لوغز ,سور چاودیلدەکاو پیاو زوو دەوروژێنێو زوش زایەی دەکات ,سور ناهێڵێت هەقی تەواوەتی بدەین بەیەك ,دەکەرە ئەولیباسە سورە داکەنە" خەریکم شتەتایبەتەکانی خۆم دەڵێم ئاخر من هەمیشە لێرەی نوسین دەترسم !..تائێستاش بەگومانم لەوەی بنوسم .**

**کەپێڵوەکانت دائەخەیت تەزویەکی تیژپەر بەسەرتدا دێت ,گێژدەبیت بەرچاوت لێڵدەبێو ناتەوێت چاودابخەی ئاخر بەردەوام نوستن زیاتر لەبێداری ئازاری ڕۆحی تۆی داوە ..گوناهی منیش نییە**

ئاخر خۆشم (دەویست) یان (دەوێت) نازانم ئەم دوانە کامیان بنوسم ,ئەوکاتەی من وێنەی ئەوم لەویا هەڵگرت هەرزەیەکی بێئەزمونبوم لەژیان من چوزانم پێڵو تەنها یەکجار وێنەی تیا هەڵئەگیرێت ,تۆ بێخەبەربوی لەوەی رۆژێکدێت لەم وڵاتە ساردودورانە بەدوای وێنەی حەقیقی ئەودا دەگەرێیتو ئەو جگە لە چاپی دیوی ناوەوەی سەرپێڵوەکانی خۆت لەگشت شوێنێك ونە ..! دەمارەکانم خاوبونەتەوە جەستەم ئەکشێ پێستم خۆشتر دێت بەدەستەوە رەنگە شروبەکەکاریگەری خۆی بوبێ باشتر ,بەڵکو بتوانم ئارامتر بنوسم دوور لەقینی ئەورۆژانەی ئازارم تیاچەشتووە .

بەدیارکتێبەکانەوە خەیاڵبردوتیەوە, دڵت پەلەتر لێئەدا خەیاڵت ئەپچرێ ئەزانی ئەوکچە لەونزیکانەیە ئەگینا تۆ لەژیانی خۆتا ئارامترین پیاوبویت ,ئەو کەنزیکببوایەوە من قسەم بەئاسانی بۆ نەدەکرا چەندپیتێکم ئەنوساند بەیەکەوە هەندێك پیتی ترم ئەپەران ,دەستم ئەلەرزی ,هەستم بەسوکی کێشی خۆمدەکرد دەمزانی تازە زەوی ناتوانێ من کێشبکات ,هەموشتێکم بیر دەچووە و دڵم خێراتر لێیئەدا.

بریارێکی شێتانە نیە ئەگەر بڵێم بەنیازی گەرانەوەم من لەم وڵاتە ساردانە هیچ هەڵناهێنجم ,ئەگەرێمەوەو رەنگە دەستبکەمەوە بەکتێبفرۆشتن ,خاڵی کۆتایی بۆئەم گێلێتییەی خۆم دائەنێم ..چیتر راناکەم بەدوای دەنگێکا کەزۆرتر بە سەراب دەچێت ..من ئەگەرێمەوە بۆ وڵات وەلی دڵنیام ئەم خەیاڵە شێتە لێمناگەرێ و رۆژێك هەردەمهێنێتەوە ئەم غوربەتە.

کۆتایی2004